کەرکووک

دارا رایەتی



بەزەرفی خاتر
هەرتۆم لەبیرە
ئەی شارەکە
ئەو ئاوێنەی ولاتەکەم
لەمێژە دووژمنان حیسابی ئەوتۆیان بۆ کردوویی
کە هەردەم چاویان بەویستی کوردستانیت
هەڵنایەت
ئەی بابە گوڕ گوڕەکەم
لە گوڵزاری جیهاندا کەس گوڵم نەبێ
تۆ گوڵی منی
بە پەروایی دێم بەسەرتا ئەفڕم
ئەوەی چاویشی لە تۆبێ
بەزەرگ.. هەڵی ئەدڕم
بەزەرە سایەک چاوم لە تۆ ون ناکەم
بەزەرەی زینجیر خۆم لەتۆ دەئاڵێنم
بەهەر چوار وەرزی ساڵ
لەتۆ جودا نابەم
ئەی شارەکەم
ئەی کەرکووکی زوهرە شەنگ
بەزەیی جۆراو جۆر
شەقامەکان رەنگاو رەنگ دەکەم
تا ئەوەی چاوی لە تۆیە
بۆ هەتا هەتایە زیڕەی بێ ئومێدی بکا..
زیندەیی من
بۆ تۆیە..
تالە ئایندە گەل لە ژیان بێ بەشی گوڵ نەبێ
ئەی شارەکەم
لە ژاڵەم پرسی
بۆ لەبەر خاتری شارەکەم ئاشت نابیتەوە لە گەڵەم
ساڵێک دووان تۆ لەمن دووری
وەک شاری سامیرە دڵت لەمن کردووە
ژاڵە وەڵامی ئەوە بوو
تۆ کەرکووک بە کوردستان بهێنەوە منیش
ئەوسا لەگەڵ تۆ ئاشت دەبمەوە.

خەم

مەهاباد بەرزنجی

بیرو هەست و ژوان
هەمووی بەجارێ هاتە گریان
وشەی خنکاو
دێری زەرد هەڵگەڕاو
هاواری بێ دەنگ
خەمەکان لەناخمدا ئەخواتەوە پەنگ
ئەم هەموو هەڵوێست و نیگا
شانۆگەرێکی دروست کرد لەم دنیایە
دراماو کۆمدیاو ئاهەنگ
لەسەر شانۆی خەیاڵم بێ دەنگ
نواندیان فلیم و سینەما
تا هەموو خەمی ناخم بەجارێ نەما

أسماء الألوان / تصميم ليرةو لةوي / الصفحة: ٧٦ / ٩/٩/٠٨ / 2:41 AM



«نانسی» شووی کردو «نەوال»یش تەڵاق درا

دوو هەفتە لەمەو پێش لەسەر زاری خۆیەوە هەواڵێکمان لەم لاپەڕەیەدا بڵاوکردەوە گوایە جارێک بیر لە شووکردن ناکاتەوە، کەچی کچە سترانبێژی لوبنانی نانسی عەجرەم سەرەتای ئەم مانگە شووی بەو پزیشکی ددانە کرد کە ماوەی دوو ساڵە لە راگەیاندنەکان باس لە پەیوەندی سۆزداری نێوانیان دەکرێ. نانسی و فادی لە دورگەی قوبرس ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیان سازکرد کە تەنیا خاوخێزانی هەردوولا ئامادەی بوون و، ئێستا لە یەکێک لە دورگەکانی ئەوروپا مانگی هەنگوێنییان بەڕێ دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە خانمە گۆرانیبێژ نەوال زوغبی هەواڵی جیابوونەوەی لەگەڵ مێردەکەی راگەیاند، بێ ئەوەی باس لە هۆکارەکانی بکات. ئەمەش دوای ساڵ و نیوێک لە گرفت و لێک زیز بوون هات لەنێوان هەردوولا، هەرچەندە هەوڵی زۆر لەئارادابوو بۆ ئاشتبوونەوەیان، بەڵام ئاکامیان نەبوو.

ئارەزوویەکی سەیر

لەم سەر زەمینە مرۆڤەکان لە زۆر ئارەزوودا هاوبەشن، بەڵام هەندێکیان ئارەزووەکانیان دەگمەنە و جێی سەرسوڕمانی خەڵکە، ئەوەتا پیاوێک لە وڵاتی روسیا زیاتر لە ٥٠٠ هەزار سەری بوتڵی شووشەی کۆکردۆتەوەو کێشەکەی نزیکەی تەنێک دەبێت.

سیدی گۆرانییەکانی برلسکۆنی

سیلڤیو برلسکۆنی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا سەرقاڵی ئامادەکردنی سیدییەکی گۆرانییە لەبارەی خۆشەویستی و، بەنیازە کۆتایی ئەمساڵ بڵاوی بکاتەوە. بەڵام برلسکۆنی لەبەر سەرقاڵبوونی بە کاری سیاسییەوە لەوە ناچێت بەم زووانە کارەکەی تەواو بکات کە چوارەم ئەلبومی ئەو دەبی. برلسکۆنی بە گەنجێتی لەسەر کەشتیدا گۆرانی وتووە، هەروەها بەهرەی نوسینەوەی شیعری گۆرانی هەیە.

أسماء الألوان / تصميم ليرةو لةوي / الصفحة: ٧٧ / ٩/٩/٠٨ / 2:41 AM